کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

29-4-2007 12:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرد باران کردن و دەرکردنی کوردانی ئێزدی لە هەولێر بە بەرچاوی سەرۆکی هەرێمەوە.  ... عەبدول قەرەگۆلی، بەختیار نەرویج

لەم چەند ڕۆژەدا لە زۆربەی سایتەکان بەشی زۆری هەواڵ و نوسینەکان لەسەر کوشتنی وەحشی گەریانەی (دوعا) ی جوانەمەرگ دەربڕی، خەڵکی هەست وسۆزی خۆی بەرانبەر ئەو شێوە وەحشی گەرایەتیە کە چۆن بەچی شێوەیەک بەرد باران و لەخاچدرا، (دوعا) ی (17) ساڵ تەوانی ئەم کچە تەنها ئەوەبووە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕیکی عەربی موسڵماندا بەستب و، دیارە لای هەموو کەس ئاشکرایە لە کۆمەڵگای ناوین و کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی دوعا نە یەکەم شەهیدی ڕێگای عەشق و خۆشە ویستی بووە و نە ئەخیر قوربانی ئەو ڕێگایەش دەبێت، هەر لە هەمان ناوچە لە بارواری 2007/2/15 لە شاری شێخان سەر بە پارێزگای موسڵ لە ئەنجامی خۆشەویستی کچیکی موسلمان لەگەڵ کوریکی ئێزدی دا موسوڵمانەکانی ناوچەکە بە بەر چاوی هەموو کار بەدەستانی ناوچەکە وە کچە موسڵمانی ئەویندایان بە وەحشیانە تریت شێووە کوشت و بەدەردی (دوعا) یان برد، بەدەم ئەڵاهوو ئەکبەرەوە هێرشیان کردە سەر ئێزدیەکەنی ناوچەکە ئەوجێگایانەی کە بەر شاڵاوەی موسلمانەکان کەوتن بریتی بون لە سوتاندنی بنکەی حسێن بابە شێخ، بنکەی لالش و مەزاری شێخ مزور، سوتاندنی دوو سەیارە لەبەردەم ماڵی میر تەحسین بگ، تەقەکردن لەماڵی میری ئێزدیان، لە نەنجامی ئەم کارە ناڕەوایە دەرهەق بە کوردی ئێزدی کرا لەناوچەکە بوو بە هۆی نەمانی باوەڕ لە بەرانبەر دەستەڵاتی کوردی بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردوستان کە دەستەڵاتی زۆرینە دەکات لە ناوچەکەدا هەر لە ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەوە، هەر بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کاک مەسعود بەرزانی و مام جەلال تەداخولیان کرد لە ڕوداوەکەدا بەناردنی وەفدی خۆیان بۆ لای میر تەحسین بەگ میری ئێزدیان، هاتنی میر تەحسین بەگ بۆمەسیف سەلاحەدین، سەرۆکی هەرێم بەڵێنی دا لێپێچ چینەوەی لە ڕوداوەکە و سزادانی تاوان باران بکەن، قەربوی زیان لێکەوتوانی ڕوداوەکە بکەنەوە، هەتا ئێرە باشە، بالام چۆن بەڵینێک چونێک؟هەر بە سەر زارەکی و بەس، دەپرسین سەرۆکی هەرێم کوا بەڵین و پایمانەکانت بۆ دەست گیر کردنی تاوان بارانی ڕوداوی مانگی (2) ؟ کە گەورەترین سوکایەتی بە کوردی ئێزدی کرا لە بن دەستەڵاتی تۆدا ئەو سوکایەتی بەوان کرا لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا نەکراوە بە کوردی ئێزدیان، بۆیە من هەر لێرەوە لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پارلەمان دەپرسم ئایە بەڕاست ئیدیعای کۆمەڵگای مەدەنیەت و حوکمی یاسا دەکەن لە ناوچەکەدا؟ ئایە ئێوە خەڵکی کوردوستان بەگێل و نەزان و بێئاگا دەزانن؟سەرۆکی هەرێم مەگەر لە ژێر وێنەکەی جەنابتا نەنوسراوە (نابێت کەس لە یاسا گەورەتربێت) ؟بەڵام کام یاسا؟یاسای زیندو کردنەوەی خێلەکی و بنەماڵە؟یاسای دیوەخانی موستەشار و سەرۆک عەشیرەتەکان؟بەڵێ بەدڵ نیایەوە کارەساتی بەرد باران کردن و لەخاچ دانی (دوعا) و شەهید کردنی 23 کوردی ئێزدی لە ئەستۆی ئێوەدایە، ئەگەر سەرۆکی هەرێم بەڵێنەکانی خۆی ببردایەتە سەر بۆ سزادانی کارە ساتی 2007/2/15 ئەوا رۆحی پاکی (دوعا) ی ئەویندار بەو دەردە نەدەچوو کە بەداخەوە لە بەرچاوی هەموو جیهان ناوی کوردی پێدابەزی و ریسوا بوو، شەهید کردنی 23 کرێکاری بێتاوان کە هیچ پەیوەندیەکیان بە تاوانی کوشتنی دوعا وە نەبوە شەهید نەدەکرا،
لە ئەویشی سەیرتر ئەمڕۆ لە سایتی  PUKmediaئەم هەواڵەم خوێندەوە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

29-4-2007 12:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

PUKmediaهەولێر – سمکۆ عەبدولکەریم:

ژمارەیەك هاووڵاتی شاری هەولێر شەوی 26\27-4 هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەك ئوتێل کە کرێکارانی ئێزدی تێدا نیشتەجێیە و بەمەبەستی ئیشکردن هاتوونەتە شاری هەولێر.

بەڕێوەبەری ئیدارەی ئوتێل مێرگەسوور لەلێدوانێکدا بۆ PUKmedia رایگەیاند: نزیکەی 40 بۆ 50 کەس لەهاووڵاتیانی شاری هەولێر لەبەردەم ئوتێلەکە کۆبوونەوەو ویستوویانە هێرشبکەنە سەر ئوتێلەکە کە ژمارەیەك کرێکاری ئێزدی تێدابوو بەڵام دوای داخستنی درگای ئوتێلەکە هاووڵاتیەکان بەهوها کێشان و جوێندان و بەردگرتنە ئوتێلەکە بەرامبەر ئەو کرێکارانە رقی خۆیان دەربڕی.

بەڕێوەبەرەکە وتی: دوای ئاگادار کردنەوەی هێزەکانی ئاساییش و پۆلیس لە رووداوەکە دەستبەجێ ئەو هێزانە گەمارۆی شوێنی رووداوەکەیانداوەو بڵاوەیان بە هاووڵاتیانکردووەو بارودۆخەکەشیان کۆنترۆڵکردووە.

بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکانیش دوابەدوای ئەم رووداوە ئەمڕۆ 4/27 ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارە ئێزدیانەی کە بۆ کرێکاری هاتوونەتە شاری هەولێر لە ئوتێلەکان کەل و پەلەکانیان پێچاوەتەوەو بەرەو شوێنەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە،

ئێستا دەڵێم ئافەرم سەرۆکی هەرێم بەڕاستی خاوەنی بەڵێنی خۆتییت، ئەوە یە حوکمی یاساو کۆمەڵگای مەدەنیەت، وشیارە دەسەڵات دارانی کورد ئەوەنیە ناحەزانی کورد لە هەوڵی ئەوەدان بە هەرشێوەیەک بێت کوردی ئێزدی لە کورد دابڕن بەدەردی کوردی شەبەکی بەرن ئێوە لەهەوڵی بەرگرتنی ئەم پیلانەدان، بەرد باران کردنی کرێکارانی کوردی ئێزدی لە هەولێری پایتەخت پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانی حکومەتی هەریم و سەرۆکەکەیەوە، دەرکردنی کرێکارانی کوردی ئێزدی لە هەولێر هیچی کەم نیە لە ڕوداوی 2/15 و لەخاچ دانی دوعای (17)ساڵ،

لای هەموو کەس ئاشکرایە ئێمەی کورد لە ناوچەکەدا هیچ کێشەیەکی دینی و مەزهەبیمان نیە کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوایەتیە ناحەزان و دوژمنانی کورد دەستیکی باڵایان هەبووە و هەیە لە دووبەرەکی و ناتەبای و هەڵگیرساندنی شەری نێوخۆی ماڵی کورد، هەمیشە بە هەرزان ترین نرخ و شێوە سەرانی کورد و پارت و خێڵەکانیان کڕیوە و بون بە داینەمۆی پلانی ناحەزانی گەلەکەمان، لە مکاتەدا کە موئامەرەیەکی ئیقلیمی و نێوخۆی زۆر لەسەر کوردە بۆ تێکدانی ماڵی کورد و لاواز کردنی لە ناوچەکەدا، لەم ساڵەدا دەڵێن کە زۆریش محاڵە مادەی (140) جێبەجێدەکرێت بۆ ئاسای کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان سەرانی کورد خەریکی چونەسەنگەرن لە کوردانی ئێزدی لە ناوچەکەدا، بۆیە دەبێت هەموو کوردێکی بەشەرەف ئەوەی هەستی نەتەوایەتی تێدابێت نابێت لە ئاست ئەم بێدەنگ بوونی دەسەڵات دارانی کورد بێدەنگ بێت بەران بەر بە کوردانی ئێزدی دەکرێت لە ناوچەکەدا، بەدروست بونی هەر جۆرە بێ متمانە بوونێکی کوردی ئێزدی بەمانای لەدەست دانی بەشێک لە نەتەوەکەت، بەلەدەس دانی بەشێک لە نیشتیمانەکەت، ... 28\4 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.